# کورد وەک کەمەنەتەوەیەکی ئەوروپی

سەردار عەزیز
کۆلێژی بەرێوبردنی حکومەت

لە ئێوارەیەکی ساردا، لە یەکێک لە هەرەجوانترین باڵەخانەکانی زانکۆی شاری کۆرک لە وڵاتی ئایرلەندا، کۆرێکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی زمانی کەمەنەتەوەیەکانی ناو یەکێتی ئەوروپا سازکرا. ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارو مامۆستای زمانەوان لە کۆرەکەدا ئامادەبوون، لەگەڵ نوێنەری کۆمەڵەو رێکخراوە مرۆیی و کەلتوریەکان. لە کۆرەکەدا نوێنەری کەتەلان و باسک لە ئیسپانیا دەربارەی کێشەو قەیرانەکانیان لەرووی مامەڵەکردنی دەسەڵاتی ناوەند لە مەدریدەوە دووان. جێی باسە زمانی کەتەلان کەزمانی سەرەکی حکومەتی ناوچەیی شاری بەرشەلۆنەیە نزیکەی 11ملیون کەس قسەی پێئەکات، هەروەها زمانی باسک نزیکەی 3ملیون کەس قسەی پێئەکات. بەشێوەیەکی گشتی کۆرەکە بە زمانی ئایرش کە زمانی رەسەنی خەڵکی ئایرلەندایە بەرێوەئەچوو. لە میانەی کۆرەکەدا زمانی کوردی یەکێک بوو لەو زمانانەی قسەی لە سەرکرا، چونکە لە داهاتوویەکی نزیکا تورکیا دەبێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، نزیکەی 20 ملیون کورد وەک زمان و وەک نەتەوە دەبنە بەشێک لەو یەکێتیە. کۆمەڵەی میزۆپۆتامیا بۆ ناساندنی کەلتورو کێشەی کورد لە زانکۆدا، کە لە لایەن بەندە و خوێندکارێکی کوردی شاری ئامێدەوە، لەتیف سەرهەڵدان-وە بەرێوەئەچێ، بۆ کۆرەکە بانگهێشت کرابوو. لەکۆتایی کۆرەکەدا هەموو بەشداربووان لەسەر ئەوە سووربوون کە لەسەر دوو رەهەندە پێدابگرن، یەکەم هەوڵدان بۆ بە رەسمی ناساندنی زمانی کەمەنەتەوەیەکان لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە، دووەم پێداگرتن و کارکردن لە گەڵ رێکخراوی یونسکۆدا بۆ رزگارکردنی ئەو زمانانە لەفەوتان، چونکە زمان پێکهاتەیەکە کە کەلتور و مێژوو و دابونەرێتی ئەو خەڵکانەی هەڵگرتووە. دیاری هەنگاوێکی وەها هەرچەندە بچوک دیارە بەڵام گرنگی لەوەدایە کە کێشەو زمانی نەتەوەیەکی گۆشەگیری وەک کورد بۆ ناوەندی ئەکادیمی و کەلتوری بەرز دەگوزێتەوە. جێی باسە زمانی کوردی لە هەموو ئەوانی تر زیاتر جێگای سەرنج بوو، چونکە بەگشتی خەڵک زۆرکەمیان دەربارە ئەزانی.